# ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە خیتابی ئەنفالدا !

**رزگار عومەر**

دوای 17 ساڵ لە گەورەترین و لە بەربلاوترین پرۆسەی جینۆساید کردنی کورد ، خەلکی کوردستان و قوربانیانی ئەم جینۆسایدە ، لەگەل ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە بە چارەنووسی جیاواز گەیشتوونە ، تاوانبارانی سەرەکی ئەم تاوانەش :-

1- رژێمی بەعس و سەدام حوسێن .

2- تاوانباری جێ بەجێ کەر: عەلی حەسەن مەجید .

3- سوپای عێراق و ئەفسەرە مەیدانیەکانی لە وەزیری بەرگریەوە بگرە تا فەرماندەکانی خوارەوە .

4- سەرۆك جاشە کوردەکان .

لە هەل و مەرجێ جیاواز قەرارایان گرتووە ، سەدام و عەلی کیماوی سەرانی تری رژێم لە بەندیخانەدان چاوەرێ ی دادگان ، سوپای عێراق ئەو سوپا گەورەی جاران نەماوە ، بەشێکی ئەم سوپایە ، لە سوپایەکی تازەدا لە ژێر چاودێری ئەمریکاو ناتۆ مەشق و راهێنانی پێ دەکرێ لە زۆربەی شەرە گەورەکانی ساڵی رابردوو شان بەشانی سوپای ئەمریکا بەشدار بووە و رۆژ لە دوای رۆژ بوودجەی بۆ زیاد دەکرێ و بارە چەکی تازەی بۆ دەکرن کە تازەترین سەفقەش کرینی چەکە لە ئۆکرانیا ، بەشێکی تری سوپای عێراق لە رۆژی رووخانی رژێمەوە تا ئەمرۆش لە بەرەی تیرۆر بە هاوبەشی لە گەل پاشماوەکانی حیزبی بەعس و ئیسلامیەکان ، لە ژێر چەتری جەنگ دژ بە ئەمریکا بەربوونەتە گیانی خەلکی عێراق ، ئەم بەشەیان بە پێ ی تازەترین هەواڵ و راپۆرتەکان ئەمریکا خەریکی گفتوگۆی ژێر بەژێرە لە گەلیان ، خالی رێکەوتنەکانیان لە دەوری ئەوە دەخولێتەوە کە ئەمان چالاکیە جەنگیەکانیان رادەگرن بە مەرجێك ئەگەر سەرلەنوێ بیانخەنەوە جێگاکانی خۆیان و امتیازات و پلەوپایەکانیان بدەنەوە ! گەورە ئەفسەرە مەیدانیەکانیشیان لە بابەتی ( نەزار خەزرەجی ) لە دادگای دەولەتی دەنیمارك بە تەزکیەی هەردووحیزبی دەسەلاتداری کوردستان ، پرۆسەکە سەری نەگرت و دواتریش لە دەنیمارك توانی رابکات و ئێستا هەواڵ و زانیاری جیاواز هەیە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ، وەزیری بەرگریش ( هاشم سولتان ) بە پێ ی تازەترین زانیاری کە لە لەدەمی( داود باغستانی) یەوە بلاوکراوەتەوە ، باس لەوە دەکا کە سولتان هاشم تاقە کەسە لە نێو سەرانی رژیم کە ئەمریکا و حکومەتی عێراق رێگە بە عەشیرەت و کەس و کارەکەی






دەدەن بیبین و سەردانی بکەن . سەرۆك جاشەکانیش ، چاوساغی مەیدانیی ریزی پێشەوەی هێرشەکانی ئەنفال ، لە ژێر سایەو دەسەلاتی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستان ، دەقات دەولەمەنتر لە جاران ، دەست رۆیشتوتر لە جاران ، هێزی خێلەکی و چەك و تەقەمەنی زیاتر لە ئیختیاریان دایەو ئێستا زۆریان لە لەقەبی پیاو ماقولانی کوردستان بەهرەمەندەن ! لەو لاشەوە کەس و کاری قوربانیانی ئەم جینۆسایدە ، پاش نزیکەی دوو دەیە لە چاوەروانی کردن ، ئومێدی دۆزینەوەی تەرمی ئازیزانیشیان رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر دەبێتەوە ، لە باری ژیان و گوزەرانیشەوە ، من لێرە بەشێك لە قسەکانی سکرتێری (رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان) کاك ( زەمان عەبدە ) وەکو خۆی دەنووسمەوە کە بۆ پەیامنێری رۆژنامەی میدیا قسە دەکات و دەلێ : -

(( ئەنفال بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان لەلایەن حکومەت و سەرکردایەتی کوردەوە فەرامۆشکراوەو دەبووایە لایان لەو خەلکە بکردبایەوە ، دەبووایە مووچەیەکی مانگانەیان هەبووایە و خانوو بەرەیان بۆ دروست بکرایەو سەنتەری جۆراوجۆریان بۆ بکرابووایەوەو خەلکی کۆمەلناس سەردانیان کردبان ، "هەروەها باسی لەوە کرد کە ئەوان وەکو رێکحراوی ئەنفالەکان زۆر داکۆکیان لە مافی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کردووە ، بەلام تا ئێستا وەکو پێویست وەلام نەدراونەتەوە" ، ئێمە سێ ساڵ دەبێ لبستێکی 500 ناویمان لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە وەکو وەجبەی یەکەم کە وارسی یەکەمن بۆ ئەوەی مووچەیان بۆ دابین بکرێ ، بەلام هیچ وەلامێك نەدراوینەتەوە. ئێستا لە سندوقی چاودێری خێزان وەکو فەقیرانە بۆ هەندێکیان مانگانە 200 دینار براوەتەوە ، بەلام پێمواننیە وەکو مووچە بێت ، بەلکو هاوکاریەکی کاتییە )) !!!

ئەمە ئەم وێنە ناکۆك بە یەکەیە کە دەیبینین ، لە لایەك خۆشگوزەرانی و بزنسی ئابووری ئەمرۆی سەرۆك جاشەکانی دوێنێ ، بودجەی خەیالی بۆ سوپای سەر لەنوێ بنیات نراو بۆ کرینی چەك و تەقەمەنی ، لەلاکەی تریش چکە مەعاشێکی فەقیرانە ، تەنانەت 200 دینار بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم لە کەس و کاری قوربانیانی یەکێ لە گەورەترین کارەساتەکانی جینۆساید لە چەرخی بیستدا ، بەردەوام نابێ و لەوانەیە تا ئامادەکردنی ئەم ووتارەش لێیان بریبن ! من ئەم شەرمەزاریە ناتوانم بیکەمە سووکە گلەیی لە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان ، من دەتوانم ئەم دەسەلاتە سیاسیە تەنهاو تەنها بە مشەخۆری سیاسی سەر بەردەوام بوونی ئەم تراژیدیایە ببینم .

ئێمە پێویستە لە سەرمان ، جینۆسایدی کورد ، نەك وەك بەیت و بالورەکانی هەموو یادێکی سالانەی ئەنفال لە دام و دەزگا راگەیاندنەکانی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان ، بەلکو دەبێ دەست بکەین بە دەورەیەکی تازە لە کارکردن ، بێدار بین دژ بە ئەنجام دەرانی ئەم جینۆسایدە ، کە تەنیا لە حیزبی بەعس و سەدام وعەلی کیمیاوی و سوپای عێراق کۆنابێتەوە ، جینۆساید کردنی کورد تەنیا لایەنی تەکنیکی لە چەشنی بوونی سوپایەکی بە هێز یەکلای نەکردەوە ، هەموو پرۆژەی جینۆساید کردنێك بە ئەنفالیشەوە ، بێجگە لە پلان و لۆژیکی سەربازی و ئامادەکردنی ماتریالی پێویست بۆ ئەنجامدانی ، پێش هەموو ئەمانە یەك ئیختیاری سیاسیە کە پێش وەخت لە ستراکتۆرێکی ئایدەلۆژیەوە ، ئامادە باشە بۆ یەك لابوونەوەو جێ بەجێ کردن ، سەدام و عەلی کیمیاوی سوپای عێراق و جاشەکان لە

کۆتایی هەشتاکان ماتریاڵی جێ بەجێ کەر بوون ، بەڵام داهێنەری ئایدەلۆژیاکە نەبوون ، ئەوان دەڕۆن و دەبن بە مێژوو ، بەڵام هەڕەشەی جینۆساید بەمە کۆتایی نایە ، ئەو فاکتەرەی ئەوانی بەرهەم هێنا ئەگەر بە دەست لێ نەدراوی بمێنێتەوە ، لە جیاتی سەدامێك و دووان سەدان کەسی تر دروست دەکاو ماتریالی پێویست بۆخۆی دروست دەکاتەوە ، بەڵگەی زیندووش بینیمان لە دووساڵی ڕابردوو ، کورد لە بەرکورد بوونی ، لەبەر کافربوونیان دەکوژران ، بە خۆتەقاندنەوە کۆمەڵ کوژی گەورەیان لێیان دووبارە دەکردنەوە ، خۆ سەدام و دارو دەستەکەی وا لە بەندیخانەن ، کەچی ئێستاش ناهێڵن تەنانەت ئاوارەکانی سەردەمی ئەنفالیش بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ! ئەو فاکتەرە چی یە کە وا لە هێزە سیاسیەکان و میلیتاریزمەکانی نێو ئیمرۆی مەیدانەکە دەکا ، کە ئەوانیش بەعس ئاسا بەهەمان ئیختیاری سیاسی لە بەرامبەر کوردو داخوازیەکانی قەراربگرن ؟ ڕاستیەکەی ڕیشەی ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب ، زۆر لەوە قوڵترو بەربڵاوترە ، کە بە ڕوخانی ڕژێمی بەعس کۆتایی بێ ، فاشیزمی مووتربە کراو بە تام و بۆی دین و ڕۆژ هەڵات لەم ئایدەلۆژیایە ، زۆر لەوە تەسك بینترە کەمتر لە دەسەڵات ، کەمتر لە سەرەوەری تەواو بەسەر جوگرافیاو موڵکی بە نیشتمان زانراوی خۆی قبوڵ بکا ، ئایدەلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەب لە زۆر لاوە دەکرێ بدرێتە بەر ڕەخنە ، بەڵام بۆ ئەم باسەی ئێستامان من تەنیا دەچمە سەر لایەنی عەمەلی ئایدەلۆژی ناسیۆنالیومی عەرەب ، من دەمەوێ گۆشەیەك لە ئەزموونی خیتابی ئەم ئایدەلۆژیایە لە جینۆساید کردنی کورد ، شی بکەمەوەو بینوسمەوە.

## خیتابی ئەنفال

پێش وەخت من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە خیتابی ئەنفال ، زمانی بە کارهێنراو نووسراو لە سەرخانی ئەم جینۆسایدە ، خیتابێکی گەورەیە ، کە تەنیا چڕ نابێتەوە لە یەك بەڵگەنامەو قسەکردن و نامەو بروسکەکانی سوپادا ، بەڵام ئەو دەقەی کەمن لە پارچەکانی ئەم خیتابە هەڵم بژاردووە ، لە بەر هاوبەش بوونی دەقەکەیە ، لە گەڵ هەمان ئەو زمان و کردەوانەی کە هێزەکانی ژێر چەتری ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب ئیمڕۆ لە عێراق ، لە وڵاتە عەرەبیەکانی تر دووبارەی دەکەنەوە ، هەروەها لە بەر ئەو تێزە گشتیانەیە کە لەنێوان ئەم دەقەو دەقەکانی تری فاشیزمە لە مێژو و لە ئاستی نێو نەتەوەیدا .

### هەنگاوی یەکەم :-

تەجرید کردن وداگرتنی میللەت یان گروپی دەستنیشان کراوە لە هەموو پایەکانی سیڤیل بوون و ئینسانی بوون ، لە (هۆلۆکۆست) جینۆساید کردنی جولەکەکان ، پێش هەموو شتێك بە کتێب و هەزاران کاریکاتێرو دەرکردنی هەزاران نوکتە لە سەریان دەستی پێ کرد ، پێشمەرجەکانی جێ بەجێ بوون پێویستی بەلای کەمی زەمانەت کردنی ئامادەگی سایکۆلۆژی هێزەکانی سوپاو تاقمەکانی هەیە کە ئەم ئەرکەیان لە سەر شانە ، ئەم زەمانەت کردنەش تەنیا بە دەرکردنی فەرماندەی سەربازیی و تەعلیمات جێ بەجێ نابێ ، دەبێ پێشوەخت میللەت یان گروپی دەست نیشان کراو ، لە زەینی هێزەکانی دەوری دەسەڵات لە باری مەعنەوییەوە کوژرابن و لە بەین برابن ، هیچ مەدلولێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی نەمابێ بۆ وجودیان ، دەبێ بێکەڵکی شێوەی ژیان و گوزەرانیان لە جوگرافیایەکی دیاری کراودا بکرێ بە وێنەیەکی سووك کراو و ڕێگر، سەرژمێریان هەرچەندێك بێ ، تەمەنیان هەرچەندێك بێ ( منداڵ وپیرو گەنج) ، دەبێ بکرێن بە پۆلێك لە بنیادەم بە یەك ڕەنگ و بێ سیما ، کە مانەوەیان و چارەنووسیان تەنیاو تەنیا بەند دەبێ بە کێشەیەکی ئەمنی ، بە ژمارەی بێ نرخی نێو فایلی سەرمێزی بەرپرسی حیزبی دەسەڵاتدارو بەرپرسی سوپا ، وە لە بەر ئەوەی فاشیزمی ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب تێکهەڵکێشە لە ئیستیعاراتی دەقی ئاینی بۆیە لەم دەقەی هەنگاوی بڕیار دانەدا لە دوا دێردا ، بێجگە لە ئامادەیی سەربازی ، پشتیوانی خواش تەکمیلەی دڵنیابوونی سەرکەوتنی یەکجارەکی قسەکەر تەنیا لە یەك مانگدا زەمانەت دەکا ، لەم بارەیەوە عەلی کیمیاوی لە کۆبوونەوەیەکدا دەڵێ :-

(( هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێك لێرەو لەوێ مابێتەوە ، کۆمەڵگەکانی(مجمعات )ی لێ دەربچێ ، دەبێ ڕێك وەکو مریشکە بە کرێ لێبێت کاتێ جووجەڵەکان دەخاتە ژێرباڵی ، ئێمە دەبێ ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگاکانەوەو چاویشمان لە سەریان بێت . ئێمە چیتر ناهێڵین لە گوندەکاندا بژین و تێکدەران بتوانن سەریان لێ بدەن. کۆچپێکردن لە گوندەوە بۆ شار لە باکووری عێراقدا کارێکی پێویستە. لە ئێستاوە من ئلردو شەکرو نەوت و ئاو کارەباونادەم بەو گوندنشینانە لەوێ بژین . با لەمن نزیك ببنەوە دەنگم ببیستن و منیش ئەو شتانەیان بۆ باس دەکەم کە بڕوام پێیانە پێویستن بۆ ئایدەلۆژی و فێرکردن و هەستی هاوبەش ، باشە بۆچی لێبگەڕێم لەوێ وەکو کەر بژین و هیچ نەزانن ؟ بۆ گەنم ؟ من گەنمی ئەوانم ناوێ . ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین با بۆ پێنج ساڵی تریش زیادی بکەین . من ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەکەم و نایەڵم کەسیان تێدا بمێنێت . گوایە چیدەبێ ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بکەین ، لە قەرەداخەوە بۆ کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی ؟ ئاخر ئەم حەوزە کوێ ی چاکە ؟ ئێمە تا ئێستا چیمان لێیانەوە دەست کەوتووە ؟ ئێوە تێفکرین چەندمان خەرج کردووەو لە دەستمان لە سەر ئەم ناوچانە . لە نێو ئەو خەڵکەدا چەند هاوڵاتی باش هەن وچەندیشیان خراپ تێدایە ؟ باشە مەسەلە چی یە ؟ چی ڕوویداوە؟ سی ، بیست ، بیست و پێنج ساڵ چالاکی تێکدەرانە .بیری لێ بکەنەوە ئێمە چەند شەهیدمان داوە !.. ئێستا تۆ بەبێ پاسەوانی ماشێنی زرێپۆش ناتوانی لە کەرکوکەوە بچی بۆ هەولێر. سەرانسەر ئەم حەوزە لە کۆیە تا کەرکوك من چۆڵی دەکەم . من تا گوێڕو موسڵ چۆڵی دەکەم . یەك مرۆڤی نابێ تێدا بمێنێ ، تەنها ڕێگاو بانە سەرەکیەکان نەبێ . تا پێنج ساڵی تر نایەڵم یەك بنیادەم پێ بخاتە ئەوێوەوە . من کشتوکاڵیانم ناوێ ، تەماتەم ناوێ ، بامێ و خەیارم ناوێ.ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەین جموجۆڵی تێکدەران تا یەك ملیۆن ساڵی تریش کۆتایی نایەت ، ئەمە هەموو تێبینیەکانی من بوو، بەڵام پشت بە خوا ئێمە زۆر بەزوویی لە کۆڵیان دەکەینەوە و لە ئێستاوە مانگێ زیاتری پێ ناچێت و لە هلویندا هیچ شتێك نەماوەتەوە . ))

### هەنگاوی دووەم :-

هەنگاوێکە لە سەرکەوتنی بەشی زۆری پرۆژەی جینۆسایدەکە ، هەنگاوێکە کە غروری فاشیانەی سەرکەوتن پەردەپۆشی شکستی تەجروبەکانی پێش خۆی دەکا ، هەنگاوێکە وەزعی مەیدانی لە باری سەربازیەوە ، تەواو لە ژێر دەستی دەسەڵات دایە ، هەنگاوی تۆڵەیە ، لە قبوڵ نەکردنی مەرکەزیەتی دەوڵەت و لە هەیمەنەی حیزب ، هەنگاوێکە پۆل پۆل قوربانیەکان لە ڕاگوێزانەوەدان ، ڕاگوێزانەوەی ئەمجارەیان لە دەقەکاندا هیچ پایە و هیچ هێمایەکی جوگرافی نیە ، ڕاگوێزانەوە نی یە لە دێهاتەکانەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێەکان و بەندیخانەکان ، ڕاگوێزانەوە نیە تەنانەت بۆ قەفەسی تاوانباری نێو دادگا خوێناوی و کارتۆنیەکانی حکومەت ، بەڵکو ڕاگوێزانەوەی پۆل پۆل بنیادەمی ئاخنراوی نێو ماشێنە سەربازیەکانی دەوڵەتە ، لە ژیانەوە بۆ مەرگ ، پۆل پۆل بنیادەم لە بارەی فیزیکی وە زیندوو ، لە بەردەم کامێرای حکومەت و لیستی

خۆبەدەستەوەداندا ، بۆ ساتێك هەن و دەبن بە بەڵگەیەكی موئەقەتی شەڕی ئیعلامی و سایكۆلۆژی دەوڵەت ، دژ بە باشماوەی ئەو دێ و ئەو كێوی سەر سنوور، كە هێشتا نووزەی ئاوەدانی لێ ماوە ، لە باری بڕیارو چارەنووسی چاوەڕوانكراویشدا ، چەند ڕۆژی تر تەنانەت بۆ بەشێكیان چەند سەعاتی داهاتووشدا ، دەمێكە كوژراون دەمێكە ئیعدام كراون . هەنگاوێكە كە زمانی فاشیستی دەق ، پاش دڵنیایوون لە سەقامگیری هاوكێشە سەربازیە تازەكاندا ، لە دەوری چەقی مەركەزیەت و داخستنی هەموو دەرگایەك دەوەستێتەوە كە پرۆسەكە بووەستێنێ ، حكومەتی ووڵاتێ لە حەوشەی داخراوی لۆكەڵیانەی خۆیدا ، لەبەرئەوەی كریارێكی گەورەی نێونەتەوەیی چەكە ، بەهەموو توانا سەربازیەكانی خۆی جینۆسایدی میللەتێ دەكا ، دڵنیایە لەوەی كە هیچ هێزێكی نێو نەتەوەیی نیە بیوەستێنێ ، هیچ بەرژوەندیەكی نێونەتەوەیی و ئیقلیمی نیە فریا بكەوێ ، دووا نووزە دووا هەوڵی سیاسیانەی حیزبێكی لۆكەڵیانەی میللەتەكەش لەم دەقەدا ، ناتوانێ لە گوێ ی مەركەزیەت و سوپای دەوڵەتدا سەدای هەبێ و هیچ شتێ ڕابگرێ ، هەنگاوێكە لە دوای هیرۆشیماو هۆلۆكۆستدا ، یەكەم دەقی دەوڵەتە لە ئاستی جیهاندا ، كە جوگرافیای دەوڵەت دەكرێ بە تاقیگەیەك بۆ ساخ كردنەوەی چەكی كۆكۆز و كیمیاوی ، یەكەم دەوڵەتە كە لە دوای بە كارهێنانی چەكەكەش و تەواو بوونی پرۆسەكەش ، لە ئاستی نێو نەتەوەیشدا لەو دەمەدا ئەمریكا پاكانەی بۆ بكاو بەكارهێنانەكەی بخاتە ملی ئێران .

لەم بارەیەوە عەلی كیمیاوی بۆ بەڕیوە بەران و ئەندامانی مەكتەبی باكووری حیزبی بەعس دەدوێ و دەڵێ : -



(( ڕاستیەكەی ئەوەی ئێمە ئەنجامان دا ، كارێكە كە حیزب و سەركردایەتی نەیاندەتوانی ئەنجامی بدەن تا ساڵی 1987. بەشێك لەوە لە سایەی یارمەتی و پشتیوانی خواوەو بوو هیچی دیكە نەبوو ، بە پێچەوانەی ئەم سەركەوتنەش ئەگەر ئێوە سەرپەرشتی جموجۆڵی سەربازیی ئەم هێزانەتان كردبا كە بەشداری پەلامارەكە بوون ، زەرەرو زیانێكی زۆرترتان دەبوو لەوەی ئێمە بوومان . جەلال تاڵەبانی داوای لێكردم كەناڵێكی پەیوەندی تایبەتی لە گەڵدابكەمەوە . ئەو ئێوارەیە من چووم بۆ سلێمانی و بە چەك و كەرستەی تایبەت لێم دان و ئەمە وەڵامی من بوو . ئەوجا ئێمە هەر بەردەوام بووین لە ڕاگوێزان . من بە موستەشارەكانم ڕاگەیاند :- كەوا ڕەنگە بڵێن ئێمە گوندەكانی خۆمان خۆش گەرەكە نامانەوێ بە جێیان بێڵین . ووتم من ناتوانم لە گوندەكەت بگەڕێم لە شوێنی خۆی بمێنێ ، چونكە بە چەكی كیمیاوی لێ ی دەدەم وئەو كات خۆت وخێزانت تیا، تۆ دەبێ هەرئێستا بە جێ ی بێڵیت . لە بەر ئەوەی ناتوانم پێت بڵێم من چ ڕۆژێ بە چەكی كیمیاوی لێ ی دەدەم . من هەر هەموویان بە چەكی كیمیاوی تاقڕ دەكەم بزانم كێ قسە دەكات ؟ كۆمەڵی نێو نەتەوەیی ؟ لە كۆمەڵی نێو دەوڵەتی بەم و لە وانەش كە گوێیان لێ دەگرن !

لەو هێرشانەدا سێ یەك یان نیوەی ئەو شوێنانە دەگرینەوە كە لە ژێر دەسەلاتیاندایە . ئەگەر توانیمان دوو لە سەر سێ ی شوێنەكانیان لێ بگرینەوە، ئینجا لە كەلێن و لە قوژینی بچووك بچووكدا دەوریان دەدەین و بە چەكی كیمیاوی لێیان دەدەین . من تەنیا ڕۆژێك بە كیمیاوی لێیان نادەم ، بەڵكو بەردەوام ماوەی 15 ڕۆژ بە چەكی كیمیاوی دەیانكوتم . من ناوی كیمیاوی نابەم چونكە قەدەغەیە ، بەڵام پێیان دەڵێم بە چەكی كوشندەی نوێ داتان دەڕژێنم .

بەم جۆرە بە تە لەفزیۆن كەوتینە پیشاندانی ئەو تێكدەرانەی كە خۆیان بە دەستەوە دابوو . باشە دەكرا من هەموو ئەمانە هەروا بە سەلامەتی بهێڵمەوە ؟ كەواتە چیم لەو بزنانە كردایە ؟ من پەیامێكم لە پیاوە گەورەكەوە ، لە باوكەوە(واتە سەدام حسێن) پێگەیشت و تیایدا دەڵێ چاوت لە خێزانەكانی ئەو تێكدەرانە بێ و فەرماندەی گشتی ئەمەی بۆ ناردووم و منیش پەیامەكەم خستە سەر سەرم ، بەڵام چاوم لە وانە بێ ؟ باشە ، من بە بلدۆزەر دەیانكەمە ژێر خۆڵەوە. پاشان داوای ناوی گیراوەكانم لێ دەكەن بۆ بڵاوكردنەوەیان ، منیش دەڵێم باشە ئێوە قەناعەتان نیە بەوەی كە لەسەرلە تەلەفزیۆن بینیتان و لە ڕۆژنامەكاندا خوێندووتانەوە ؟ ئەی من ئەو خەڵكە بێ شومارە لە كوێ دابنێم ؟ بۆیە كەوتەمەتە دابەشكردنیان بە سەر پلریزگاكاندا .ئەو كاتە بلدۆزەرەكان بەملاوبەولادا بلاوە پێ دەكەم ))

**هەنگاوی سێیەم : -**

ئەتك كردن و سێكشوالێتی لە جینۆساید كردنی كوردا .

وەك هەر ناسیۆلیزمێكی تر، ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب ، زۆر بۆچوونی لە بینای ئاشكراو نەسیجی خۆیدا جێگیر كردووە ، ئایدەلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب ، بە زمانی پیاو سالاری پیاو دەدوێ ، لە سەرخانی فیكری ئەم ئایدەلۆژیایەدا سێكس نەك وەك سیفەتێكی سروشتی و بایلۆجی مامەڵەی لە گەڵ دەكرێ ، بەڵكو وەكوچەك وەكو كۆدێك بە كاردێ دژ بە نەیارانی ئەم ئایدەلۆژیایە ، پێشینەی ئەم پێكهاتە ئایدەلۆژیە مێژوویەكی زۆر زووتری هەیە لە كارەساتی جینۆساید كردنی كوردا ، ئەم ئایدەلۆژیایە بە زمانی پیاو دەدەوێ و نەیارەكانیش پڕۆژەن بۆ دەستدرێژی و ئەتك كردن نەك تەنیا وەكو ئەتك كردنێكی بایلۆجی و ڕۆحی ، بەڵكو وەكو تەكمیلەی سزادان و هەڵمەتە جەنگیەكان ، ئیلهامی ئەم پێكهاتە هەم لە مێژووی دینی عەرەبدا ، هەم لە مێژووی تازەی دروست بوونی دەوڵەتی عەرەب و لە ئەدەبیاتی بەربڵاوی ئەم ئایدەلۆژیەدا پانتایەكی گەورەی هەیە ، ئەم پانتایە هەر تەنیا دەستی لە كورد و لە كەمە نەتەوایەتیەكانی تر نەوەشاندووە ، بەڵكو لە باری مەعنەویەوە بە كارهاتووە بۆ تەئویل كردنی گەورەترین پەیوەندیە سیاسی و شارستانیەكان بە تایبەتی لە حاڵەتی نسكۆ و شكستە سەربازی و سیاسیەكانی ئەم ناسیۆنالیزمە ، یەكێك لە گەورەترین پراكتیسی ئەم تەئویل كردنە پەیوەندی نێوان ڕۆژ هەڵات-ڕۆژئاوا بووە ، نووسەر و ڕەخنە گرێكی عەرەبی وەك (جۆرج تەرابلیشی)، كۆمەڵێ نووسەر و ئەدیبی گەورەی عەرەبی خاوەن جەماوەرو ئۆتۆریتەی گەورەی لە دونیای عەرەبدا لەسەر ئەم تەئویل كردنە دا بەر ڕەخنە ، چونكە پاڵەوانی چیرۆك و ڕۆمانەكانیان كە سێكسیان لە گەڵ ئافرەتەكانی ڕۆژئاوا دەكرد ، سێكس كردنەكەیان دەكرد بە وێنەیەك لە سەركەوتنی ڕۆژهەڵات و نیشتمان و بە سەر ووڵاتی نەیارو ڕۆژئاوا ، ئەمڕۆش لە عێراقی عەرەبیدا ، وەكو شەڕی ناسیۆنالیستە ڕەنگاو ڕەنگەكانی لە دەیەی نەوەدەكان لە یۆگسلافیادا ، سزای ئەتك كردن بەشێكی گەورەی پراكتیكی جموجۆڵەكانی ئایدەلۆژی مقاومە و چالاكیە تیرۆریستەكان پێك دێنێ .



بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ١١٠١
التاريخ / [illegible]

( سري وعلى الفور )

مديرية مخابرات محافظة التأميم

الى / مديرية المخابرات العامة

الموضوع / اجراءات

بعد الأيعاز الصادر من لدن القيادة السياسية موافقا معا بعمليات الأنفال الاولى و الثانية والتي تم فيها حجز مجاميع مختلفة من الأعمار ومن تلك المجاميع مجموعة من الفتيات التي تتراوح اعمارهن بين ( ١٤ الى ٢٩ ) سنة وقد تم وحسب أوامركم أرسال مجموعة من تلك الفتيات الى ملاهي والنوادي الليلية لجمهورية مصر العربية وحسب طلبهم موافقكم طيا قائمة بأسماء تلك الفتيات مع عمر كل واحدة منهن للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

| الاسماء | العمر |
|---|---|
| كلاويز عادل رحيم | ١٢ |
| جيمن نازم عباس | ٢٣ |
| ليلى عباس جوهر | ٢١ |
| لميعة نادم عمر | ١٩ |
| بهمان بكر صالح | ١٦ |
| خراسان عبدالله توفيق | ٢٠ |
| فوزية احمد ابراهيم | ١٧ |
| كولبهار ابراهيم علي | ١٩ |
| خوله احمد فخرالدين | ٢٥ |
| عصمت قادر عزيز | ٢١ |
| نجيبة حسن علي | ١٨ |
| حسيبة امين حمزه | ٢٩ |
| ظهور حسن علي | ٢٠ |
| ذكرية رستم محمد | ٢٢ |
| صبيحة هداية ابراهيم | ١٥ |
| كوهستان عباس مولود | ٢٦ |
| سروه عثمان كريم | ١٧ |
| حوزه مجيد جميم | ٢٩ |

مدير مخابرات محافظة التأميم
٢٠ / ١٢ / ١٩٨٩

لە جینۆسایدی كوردا ، هەڵبژاردەیەك لەكچانی هەرزەكارو پێگەیشتوو لە ڕێگەی دام و دەزگاكانی جاسوسی دەوڵەتدا دەفرۆشنەوە بە مەلهاكانی میسرو بە دەوڵەتی تری عەرەبی ، ئەم كارە هیچ مەرامێكی ئابووری لە پشتەوە نەبووە ، تەنانەت ژمارەكەشیان لا گرنگ نەبووە ، ئەوان بەم كارەیان كە بەپێ ی دۆكۆمێنتەكانی خۆیان ،

www.dengekan.com

**لەسەر پێشنیاری ڕژێمدا کردوویانە ، تاڵان کردنی سێکسیانەی دایك و کچ و ئافرەتانی نەیارە لەم ئایدەلۆژیایە ، کە لە دوای وەستان و خامۆشی جەنگەکان و داگیر کردنی دووا سەنگەرەکاندا و لە ژماردن و جیا کردنەوەی دەست پێ دەکا ، لە لۆژیکی فاشیزمدا دەبێتە بردنەوەی یەکجارەکی بە سەر دوژمندا ، ئەمە کلتووری هەموو شەڕەکانی دوێنێ ئەمڕۆی ئەو دینە بووە کە لە ستراکتۆری ئایدەلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەب بەوەستایی ماوەتەوەو تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە ئەمە ، ئەو لۆژیکەیە کەوا لە عەلی کیمیاوی دەکا ، سەبارەت بە کوردەکانی موسڵ ئاوا بدوێ :-**

**(( ئێمە داوامان لە پارێزگاری موسڵ کردووە ، هەموو ئەو کوردانەی لەوێ دەژین دووریان بخەنەوە بۆ چیاکان بۆ ئەوەی لەوێ وەك بزن بژین . داکیان بگێن! بۆچی خۆتان جەنجاڵ و شپرزە کردووە بە مانەوە ؟ ))**


**سەرچاوەکان**

1- عەلی کیمیاوی دەدوێ. ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان . ژمارە316.
2- شرق وغرب ، رجولة وانوثة. تألیف : جورج طرابلشي .
3- ئایدەلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەب . ڕزگار عومەر. باسێکی بڵاو نەکراوە.
4- وێنەو دۆکومێنت لە ئەرشیفی سایتی کوردیش میدیا .
5- چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی میدیا لە گەڵ کاك زەمان عەبدە . ژمارە 186لاپەڕە 4
6- چاوپێکەوتن لە گەڵ داود باغستانی . هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی میدیا.